# دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

## وانەی سێیەم
## جەماوەر و پەیوەندییە گشتییەکان
## فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان

# فەلسەفە و جەماوەری پەیوەندییە گشتییەکان



# زاراوەی جەماوەر

- زاراوەی (جەماوەر) رەگەزێکی گرنگە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان ئەم زاراوەیە بە زاراوەیەکی گونجاو دادەنرێت، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان بایەخ بە هەموو دەستەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەدات کە پەیوەندی پێوە دەکات .
- پەیوەندییە گشتییەکانیش کار دەکات بۆ وەرگرتنی متمانەی جەماوەر لەو کارانەی کە دامەزراوەکە ئەنجامی دەدات بۆ لادانی چەق بەستوویی و نالێکگەیشتن لەشێوازەکانی گەیاندن.

# جەماوەر كێيە؟

- گرنگی جەماوەر سەبارەت بە دانەرانی پرۆگرامی پەیوەندیە گشتییەكان چییە؟



# جەماوەر لەروانگەی شارەزایانی پەیوەندییە گشتییەکانەوە

- جەماوەر : بریتییە لەکۆمەڵێك لە تاکەکان، کە کۆمپانیا یان دامەزراوەیەکی دیاریکراو، کاریگەریان لەسەر دەکات و کارتێکەر دەبن پێی، مۆرکێکی جیاکەرەوەی هەیە و لەنێوان ئەندامانیدا کۆمەڵێك دروشم و هێما هەیە و لەنێوانیاندا بەرژەوەندی وەك یەك هەیە و پەیوەندی دیارکراو پێکەوەیان دەبەستنەوە، هەرچەندە ئەو پەیوەندیانە زیاتر بێت و توندوتۆڵ بێت گرووپەکە زیاتر لەیەکچوو دەبن.
- جەماوەر لە قەبارەو پێکهاتەیاندا جیاوازن، لەوانەیە بچووك بن و هەندێجار یان گەورە.

# جۆرەکانی جەماوەر

- جەماوەر بەپێی تایبەتمەندیی دەگۆڕێت
- جەماوەر لە رووی تەمەنەوە جیاوازە
- جەماوەر بەپێی رەگەز جیاوازە
- نیشتەجێبووانی خانووبەرەش دابەش دەبن بۆ خاوەن خانوو و کرێچی

جەماوەر دابەش دەبن بۆ:

- جەماوەری ناوخۆیی
- جەماوەری دەرەکی

# فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان

- پەیوەندییە گشتییەکان بەپێی سیماکانی چالاکی مرۆیی فرە چەشنە:
- پەیوەندی گشتی حکومی و بازرگانی و پیشەسازی و سەربازی و سیاسی هەیە
- بەڵام هەموو ئەم جۆرو بەشانە فەلسەفە و پرەنسیپێکی گشتی کۆیان دەکاتەوە، پشت بەیەك بنەمای هونەری دەبەستێت .
- ئەو ئامرازانەی کە لە پەیوەندییە گشتییەکاندا پەیڕەو دەکرێت یەکن، وەك ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری.
- یان ئامرازی دیکە وەکو پەیوەندیە کەسییەکان، کە هەموویان کار بۆ گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکان و ڕێگەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیداو وەدەستهێنانی متمانەکەی دەکەن.

# فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان

- مرۆڤ بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناتوانێت بەجیا لە خەڵکی دیکە بژیت.
- مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەکاتێکەوە بۆ کاتێکیتر دەگۆڕێت، سەرەڕای ئەوەی وەکو ئەوانی دیکەیە، بەڵام جیاوازی هەیە لەهەموو پەیوەندییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر
- مرۆڤ کاریگەر دەبێت و کاریگەری دەکات بە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە نەبوونی گەیاندنی راستەوخۆ لەنێوان هەردوو لادا یان وەستاندنی دەبێتە هۆی نەمانی توخمی ئەرێنیبوون )ئیجابی( کە بە بنەمای داینامیکیەتی پەیوەندییە گشتییەکان دادەنرێت

# فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان

- مرۆڤ بە مێشك و ژیری جیا دەکرێتەوە، مانای وایە کە **رازی بوون بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاستی مرۆڤ**، کۆنترۆڵ و فەرمانکردن و فشارو تیرۆرو ناچارکاری بۆ ئاستی ئامێر دایدەبەزێنێت.
- پەیوەندییە گشتییەکان جەخت لەسەر لایەنی مرۆیی دەکاتەوە، بۆیە دەبێ لەئاستی پێویست بایەخ بە جەماوەری ناوخۆیی دەزگاکەش بدات.

# فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان

- پەیوەندییە گشتییەکان جەخت لەسەر بنەما کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، بۆیە دەبێت هەر دەستەیەك ئامانجەکانی بەجۆرێك دابنێت کە:
- لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگە و ئامانجە گشتییەکانی بگونجێت
- ڕێز لە رای جەماوەر بگیرێت، مەشق بە جەماوەری دامەزراوەکە بکات تاکو بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی هەڵبگرن
- چونکە بەم رێگەیە ئاشنا دەبن بە توانای دامەزراوە و کۆششەکاني و ئەو خەسڵەتانەی رووبەڕووی دەبێتەوە دەتوانێت یارمەتییان بدات بەرپرسیارێتی سیاسەتی گشتی دامەزراوەکە هەڵبگرن.
- بەرچاوی جەماوەر رۆشن دەکاتەوە، بەو خزمەتگوزاریانەی کە ئەنجامی دەدات.
- چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکانیان بۆ باس دەکات.
- روون کردنەوەی بەرپرسیاریەتییەکان. بەمەبەستی دیاریکردنی مەودای ئەو بەشدارییەی کە هاوولاتی دەتوانێت پێشکەشی بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

# فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان

- پێویستە دامەزراوەو دەستەکان هەوڵبدەن کار لەسەر پێکهێنانی رایەکی گشتی بکەن بۆ ئەوەی، ئارەزووە بەرهەڵستکارەکان بۆ ئارەزووی هاوبەش بگۆڕن، ئەمەش لەرێگەی پرۆسەکانی **هەواڵپێدانی راستگۆو** ئامانجدارەوە گرنگی ئەم بابەتە لەکاتی تەنگژەو کارەسات و جەنگەکاندا دەردەکەوێت، کاتێك کۆمەڵێك لە هاووڵاتیان ئەرکی خۆیان بەرامبەر کۆمەڵگەکەیان ئەنجام دەدەن

# فەلسەفەی پەیوەندییە گشتییەکان

- پەیوەندییە گشتییەکان پشت بە **لایەنی ئاکاریی دەبەستێت**، ئەو هەوڵدەدات بۆ بەدەسهێنانی باوەڕی جەماوەر بە پەیامی دامەزراوەکە، ئامانجی پەرەپێدانی متمانە و ڕێزگرتنە.
- زۆرجار پسپۆڕ لە پەیوەندییە گشتییەکان کە ڕاهێنراو نییە دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە، جەماوەر ئەو هەستەیان لا دروست دەبێت کە دامەزراوەکەیان بایەخی پێویستیان پێ نادات.
- پێویستە کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان پابەندبن بە بەها ئاکارییەکانەوە لەهەموو ڕەفتارەکانیانداو لەپرۆگرامەکانیاندا لەساختەکاری و فێڵ و **چەواشەکردن و پروپاگەندە ودرۆ دوور بکەونەوە**.